www.kurdistannet.org
5-6-2003 20:54

سەرکردەی تێکۆشەرو ئاغای نۆکەر!

کاوێز مەلا پەروێز

رەوشی بغدای پایتەخت نازانم چلۆنە، لێ لەشاشەی (tv)دەبینم سەرکردەکانی کورد کیف سازن ئەوەش دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی مێوانیان زۆرە نەک بەمەسەلەی رەوای ئەم گەلە ستەمدیدەیە کە بەرەو ئاقارێکی رووتر لەرابردوو دەروات.

راگەیاندنی هەردوو گەورە حزب بەبایەخەوە هەوالْ وچالاکی ئەو دوو بەرێزە بەجیا هەرحزبەو لەکەنالی خۆی باس لێوە دەکات، زۆر شت لەزاری خەلکەوە دەگوترێت دەربارەی جوتە سەرکردە بۆ نمونە :

دەڵێن دیشداشەو عەگالْ بەپۆشە بەگەرمی پێشوازی دەکرێت وبەدۆلار بەرێدەخرێت ؟

یان چەند پیاوێک ئەگەر مرۆی خراپیش بن یەک بگرن بەنێوی فلان تایفەی خێلی فیسکە بروێنە کن سەرکردەکان باس لەپێشهاتە سیاسیەکان بکەو هونەری خۆت بنوێنە بەدۆلار بەرێدەکرێت.

لەباوەری منداا لێکدانەوە بۆ ئەو مەسەلانە بەشێوە شۆرشگێرانەکە بوو دەمگوت :

پروپاگەندەی بەعسیە دۆراوەکانە دژبەسەرکردەی کورد، یان خەلک بۆ نوکتە وپێکەنین ئەم جۆرە باسە دەخولقێنن !

نەخێر من لەبیر کردنەوەمدا بەهەڵە دا چووبووم دیارە سەرکردایەتی کورد نایەوێ پەند ووانە لە راپەرینە مەزنەکەی سالی (١٩٩١) وەرگرێت دیداری ئەو جۆرە خەلکانە دەبێتە هۆی لە دەستدانی پیرۆزی گیانی شۆرشگێری وبەرخودان داتەکانی خەلکی پاک وژیرلە حزبەکانیان بۆیە باوەری دەکەم بەزیانی گەورەی حزبەکان تەواو دەبێت!

ئێستا لەکوردستان نەوەیەکی چاوکراوەو رۆشنبیر پێگەیشتوون لەهەموو چین وتوێژە جیاوازەکان بۆیە مل بۆ یاسایی میزاجی سەرکردەکان کەچ ناکەن باوەریان بەو حزبانەش نەماوە کەدهۆلی شۆرشگێرێتی دەکوتن و لەم لاشەوە هەمان پەروەردەی بەعەس فێری خەلک دەکەن، کلتوری خێلەکی و دەربەگی گەرم کردنەوەی دێوەخانەی ئاغا حیا داتەکاوەکان زیندوو دەکەنەوە.

ئەوەم بە نوکتە هاتە بەچاو کە (tvیەکێک لە گەورە حزبەکە هەوالی دیدارەکانی سەرۆکی لەبغدا راگەیاند لەنێو مێوانانی سەرۆک باسی لە دیداری سەرۆک و ئاغای کاکەیی کرد پێم سەیرە سەرۆک جورئەتی وا دەکات ئەو جۆرە مرۆڤە دژ بەکوردە دەبینێ لەسەر دێری هەواڵەکان باسی دەکات، لەکاتێکدا خەلکێکی زۆری رابردوو خاوێن لە ناو حزبەکەیدا پشت گوێ خراوە بە خەونیش ناگاتە دیداری سەرۆک!

خەڵکانی زۆرتریش هەن بەدەستی ئەو دەربەگە خۆین مژانە دەربەدەر، بەندکراون.

لە دومایدا هەر بۆ زانیار جەنابی سەرۆک ئەو زادە ئاغایە ئاغای کاکەیی نیە، لەبابەتەکانی رابردوو ئاماژمان پێ دا شوانکارەو ئەهلی ئەو گوندانەی کاکەیی چەند دڵپرن لەو خوێن خۆرانە کەسالانێکی درێژە بەدەستی ئەو نۆکەرانەی بەعسەوە دەچەوسێنەوە، لە لایەکی دیەوە ئەوبرادەرە کەناوی‌بە ئاغای کاکەیی هاتووە باوەری بە بوونی گەلی کوردیش نیە خۆی بە تورکمان شوناس دەکات، لە مالْ ودەرەوەی مالْ هەر بەتورکمانی دەئاخەفێ، ئیتر خوا بۆخۆی دەزانێ رۆژانە سەرکردەکانمان لەبغدای پایتەخت چەندی دی ئاغای لەو جۆرە بەرێدەکەن؟!

هەربۆیە دنیایەیەکی سەیرە جانم؟!

k_mlaprwez@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.